# بەم سەری ساڵە غەریبیتان باش..

ڕەوشت ڕەشید

**(ئەم تێکستە پێشکەشە بە "بەشێك لە جوگرافیای غەریبیم").**

**ڕەگەز**

میدالیای ڕەنگێک لە سینەی کچێکا ون دەکەیتو
بە ماچ دەیدۆزیتەوە
بۆ سەری ساڵ پڕ دەبێت لە پیرۆزبایی‌و
گوڵو گەزۆ دەنێریتەوە بۆ (یاریێ)
ئەمما...
سەد ئەوەندەش پێبکەنی ناتوانی
خەمی ئێوارەیەکت بشاریتەوە
کە وەک سوڵۆی فلوتێک... تەنیایت.

**سیما**

لە نووسینەوەی حوزنی مندا
خۆت سەرپشک بە... سیمای خۆم
من گریانم لە تۆوە دەست پێدەکاو
هەر لە تۆدا دەتوانم
دەموچاوی پڕ گوناهی خۆم ببینم
ئیدی لە نووسینەوەی یەئسی مندا
هەر خۆت سەرپشک بە... سیما گیان.

**ئاوات**

بەدیار داری سەری ساڵەوە
خەمێکی دی هەڵدەواسین... هاوڕێ گیان
گوێ دەگرین لە دڵی یەکدی‌و
غەریبانە دەڕژێینە ناو گۆرانییەکی مەریەم خان*
دەڕوانینە فەوزای یەک‌و
جادە پڕ دەکەین لە پێکەنین
جادە پڕە لە نوکتەی ئێمە
جادە پڕە لە یاخی بوون، هاوڕێ گیان.

**جیهان**

هەموو ڕۆژێ جارێک سەیری وێنەکە دەکەم
لە وێنەکە سەیرم دەکەیت‌و هیچ ناڵێیت
لە وێنەکە شتێک دەڵێیت‌و
سەیری کەس ناکەیت
لە مێژە دەڵێم
ئاور لە خەمی کەس نادەیتەوە
لە مێژە دەڵێم
تەنیایی مانای زۆری هەیە
هێشتاش هەر پڕیت لە غرور
دەترسم ئێوارەیەک تەسلیم بە بێدەنگی ببمەوەو
ئیدی نەمناسیتەوە
دەترسم ئێواریەک بیرم بچێ سەیری وێنەکە بکەم‌و
چیدی نەتناسمەوە
بەڵام... هێشتا جوانیت.

**شەهلا**

کێ بکەینە شاهیدی ئەو هەموو یەئسە؟!
سەفەر پڕە لە مەعنا
کە چوویتەوە لەجیاتی من
پڕ بە دڵت پاییزی ئەوێ هەڵمژە
کە هاتیەوە لەجیاتی تۆ
پڕ بە شیعر لە پاییزی گەنجێتیمان
ورد دەبمەوەو
پڕ بە گریان
لە غەریبیمان دەڕوانم.

**شوان**

لە خەوما چرا دەخەیتە گیرفانی مناڵێک
لە خەوما لە تۆڕی سیاسەتمەدارێک
ڕزگارت دەبێ...
ئەوەتا جوانتر دەبی
ئەوەتا پێم دەڵێیت
ئێمەو ئەوان جیاوازین:
ئەوان سیاسەت دەکەن
منیش دەڵێم:
ئێمە مۆسیقا دەژەنین
ئەها هاوڕێ
سادەییمان چەندە جوانە...

هەولێر 2002 / 1 / 5

* مەبەست (مریەم ئیبراهیم پور)ی گۆرانی بێژە.

# سایکلۆپیدیای بەلزاك

و: ئازاد خدر

ئەگەر ڕۆمانسییەکان شاعیریان کردە بلیمەت‌و بەرزیان کردەوە بۆ پەڕەکەی ئاسمان، ئەوە (بەلزاك)ی واقیعی متمانەی بە کەس نەبوو خۆشی نەکردە هونەرمەندێکی مەزن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەرایی بۆ هەندێ هزرمەندی پۆزەتیڤیزم (وضعیة)ی سەردەمەکەی دەکردو هەوڵیدا ببێتە زاناو شانازی بە خۆی دەکرد کە شارەزاییەکی زۆری هەیە دەربارەی ناوو کارو چالاکییەکانی زانایانی سەردەمەکەی، هەروەها بڕوای بە دیموکراسیەتی ئەوسای فەرەنسا نەبوو هەوڵیدەدا هەردەم ئامادەبێ لە سالۆنە ئۆرستۆکراتییەکان بە جل‌و بەرگی ڕازاوەو قەشەنگ.

(بەلزاك)ی نووسەر، خۆی لە هەر هەموو بوارەکان قورتاند: ئابووری، ڕامیاری، موگناتیسی، چینالۆجی، یاسا، کاروباری سەربازی،و زنجیرەیەك لە (توێژینەوە)ی ئەبستراکتی نووسی وەك (فیزۆلۆجیای ژن هێنان)، (پاپۆلۆجیای ژیانی کۆمەڵایەتی)، (مۆنۆگرافیای خێر) کە بە (مۆنۆگرافیای ئەڤین) (ستاندال) دەچێ.

هەر وەك دیاریشە لە پێشەکییەکەی بۆ کتێبی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) (بەلزاك)ی سایکلۆپیدی، بە گشتی نووسەرو هونەرمەندو فەیلەسوف‌و زانا لێك جیا ناکاتەوە، بۆ نموونە (لاینبتیز)و (کانت) بە نووسەر هەژماریان دەکات.

(بەلزاك) بەم هەموو زانیارییە سایکلۆپیدییەی هەر زۆر لە ڕەخنە دەترسا پتر لە ترسەکەی لە ئاگر، هەر لەبەر ئەوەش دەستخۆش‌و پیرۆزبایی لە وتەکەی سیاسەتمەداری (کاثۆلیکی) (پۆنالد) دەکا کە دەڵێ (دەبێ نووسەر ڕاو بۆچوونی تەواوی هەبێ لە کێشەکانی (ئیشیك)و ڕامیاری، دەبێ خۆی بە سایکلۆپیدی بزانێ)، ئەم وتەیە بۆ (بەلزاك) ئەوە بوو: (ئەم وشانە پڕ بە پێستی منەو وەك پەیڕەوێکی جێگیرە، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێ ڕەخنەم لێبگرێ).

بەڵام (فریدریك ئەنگلس) پاش چەند ساڵێك، ژیرانە ڕوونی دەکاتەوە کە (چۆن گوتاری هونەری زاڵ بوو بەسەر گوتاری زانستی‌و ڕامیاری لە (بەلزاك)دا).

ئا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسەرە کاتێك (بە شوێن دەنگی ژیانی زیندوو) دەکەوت، لە هەر هەنگاوێکدا هەڵەی کوشندەی دەکردو ناکۆك دەبوو لەگەڵ خودی خۆیدا.

هەر لە یەك لاپەڕەیەکیدا بیرو بۆچوونێکی تۆکمەی دادەڕێژێت دەربارەی بیرۆکەیەکی تایبەتی یان ڕووداوێکی تایبەتی بەڵام هەر هەندەی پێ نەدەچوو لە لاپەڕەی پاشیدا بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو بیرو بۆچوونەی دەدواو بیرۆکەیەکی دیکەی ناکۆك ساز دەدا: سایکلۆپیدیای ژیان لای خوێنەری کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەوسا ڕووکەشانە وا دیار دەبوو کە هیچ کێشەو گیرو گرفت نییە لە ئاراداو زۆر عەقڵانیەو پێویستی بە گومان‌و ڕەخنەگر نییە.

لای بەلزاك‌و ڕیالیزمەکانی سەدەی نۆزدەمی ئەورووپای ڕۆژ ئاوایی، کۆمەڵ جەستەیەکی خۆڕسکی سروشتی بوو.

ئەم گۆشە نیگایەیان بە تەواوی پێچەوانەی گۆشە نیگای زانا سوسیولۆجییەکان بوو. ئەگەر ئەم ڕاستییەی سەرەوە لای سوسیولۆجییەکان وەك ئەگەرێك بوو، لای ئەو نووسەرانەی وەك (بەلزاك) بووە پێچەکێکی (مجاز) مەزن کە بوار دەڕەخسێنێ تاکو سەیری کۆمەڵ بکرێ لە ڕوانگەیەکی سرووشتییەوە.

بەم جۆرەش لە شێوەی ئەندێشەیی ڕێچکەی بایلۆجی- کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵ‌و سروشت پەیوەندییەکی جەوهەرییان هەبوو.

ئەم پرنسیپەش بنەمای دیدی هونەری بۆ جیهان پێك دێنێ کە لە وێنەدا بەرجەستە دەبێ بەم شێوەیەش پەنا بردن بۆ زانستە سرووشتییەکان وای لە ئەدەبیش کرد ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت، بواری بۆ کۆمەڵ ڕەخساند ڕزگاری بێت لە هەندێ وێنەی نا تەواوی خۆیان‌و سەیری خۆیان بکەن لە ڕوانگەیەکی فراوانتر هەر چەندە هێشتا هەر ڕوانگەیەکی ئەبستراکت بوو. بەڵام نا تەواوی ئەم تێگەیشتنە بۆ ژیان کە (میتود)ی زانستە سرووشتییەکانی بەخشییە هونەرو ئەدەب، کاردانەوەیەکی توندی هەبوو لە لایەن نووسەرو هزرمەندانی ئەوسا کە بەرجەستە بوو لە ویست‌و ئارەزوویەك بۆ پڕکردنەوەو ڕاستکردنەوەی ئەو نا تەواوییەو کەم‌و کوڕییەی ئەم زانستانە، ئەوەش بە سازدانی دیدێکی تەواوترو گشتگەراتر بۆ جیهان یان بیرۆکەیەکی ژیرتر بە پشت بەستن بە تیۆرو بۆچوونی نا عەقڵی‌و نا زانستی.

لە ناکاو (سکرتێری کۆمەڵ)و زانای ڕاستگۆ (ئۆنۆریەدی بەلزاك) داوا دەکات ڕاڤەیەکی فەلسەفی ساز بدات بۆ بوون لە (تەسەوفی- سویدنبرگك) کە ڕوخسارێکی تارمایی بۆ (جنۆکە)و تیۆری (موگناتیس) ڕووحی نێو جیهان سازدا.

لەم ڕوخسارەدا لۆجیکی (جنۆکە)و دەسەڵاتی مرۆیی وەك گشتێك‌و بوونەوەرەکانی جیهان وەك (جنۆکە) زاڵ بوو بەسەر زانیاری‌و شارەزایی تاکە کەس تەسك‌و لۆجیکی عەقڵی مرۆڤ.

بەمجۆرە ئۆتۆنۆمی‌و ئازادی تەواوی ئەندێشە لای (بەلزاك) بووە (شێوەیەکی دیکەو تەواوکەری کۆیلایەتی کە ڕوخسارێکی زانستی جەوهەری هەیە).

لێرەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تیۆری زانستی ئاژەڵ (Zooloqy)ی ئەزموونی تەنها تیۆرێکی لاوەکییە بۆ تیۆری هونەری، واتە تەنها لایەنێکێتی.

لە لایەکی دیکەوە، کاتێك (بەلزاك) هەستێکی نامۆ دایدەگرێ کە کۆمەڵ جەستەیەکی تەواوەو لۆجیکی تایبەتی هەیە کە دەستکاری تێدا ناکرێ‌و بریتییە لە کۆمەڵێك بەرژەوەندی ویستی خەڵك‌و کەسانی جیاواز، دەبینین لە سیستەمێکی تۆکمەی گۆشە نیگا کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوەو پێ دادەگرێ لەسەر (کاثۆلیکیەت)و ڕژێمی پاشایەتی.

ئەم پەت پەتێنەی (بەلزاك) بەرەو هەندێ شتی سەیرو نامۆ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕیالیزم وەك پرنسیپێکی هونەری نوێ لەو کاتەدا سروشتی تایبەتی خۆی هێشتا نەدۆزیبووەوە بە تایبەتی ئێستێتیکی تایبەت بۆ خۆی، هەر لەبەر ئەوەش پەنای بردە بەر بواری ئایدیۆلۆژیا.

ئەم بابەتە لەم سەرچاوە ئینگلیزییەی خوارەوە کراوە بە کوردی:
(Balzac as Hierarch) والتەر ئەلن

کورتە چیرۆک

# شەڕ لەگەڵ چارەنووسدا ناکرێ!

ڕائیدە ئەحمەد بایز

خەریك بوو خۆر لە باوەشی شاردا چاوی خەواڵوی لێك ئەنا، دوا بارگەی کۆچی لە کۆڵ نابوو، هەگبەی سەفەری ئەپێچایەوە، وەك هەموو ئێوارەیەکی سێ ڕۆژەی هەفتە، کە دوا پڕشنگی زەردەپەڕ بەرەو ئاوابوون دەچوو، کاروانی قوتابییانی پەیمانگەی مەڵبەندی بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، بە تەکانێکدا بە لای ڕاستی پەیمانگاکەدا بۆ گوێی گۆڕەپانەکە شۆڕبووەوە.

دوا کاروان بوو کە ڕێگەی ئەبڕی بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، شەکەت‌و ماندوو بێ هەڤاڵ‌و هاودەم، بارێك غەم‌و پەژارەی خستبووە کۆڵەوە دڵتەنگی‌و بێدەنگییەکی قەبە خەریك بوو تەنگی پێ هەڵچنێ.

ئەم ناوە هەموو لە بزووتنەوەو بەیەکا هاتن‌و دەنگە دەنگا بوون کەچی ئەو لە جیهانێکی وادا ئەژیا ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئاخۆ کەس سەیری دەکا.. یان نا..!

ئەڕۆیشت‌و هەنگاوەکان سست تر ئەبوون وزەو توانای قەچاکانی وەك هێزێکی تەلیسماوی ڕاپێچی بدات تا دەهات کەمتر ئەبوون.

پەی دەرپەی خەڵکەکە لەلای ئەو دائەبڕان بە تەنها ئەو لە گێژاوێکی گەورەدا گیری خواردبوو.

شار لە گەرووی خامۆشی ئەو ئێوارەیەدا ئەخنکا..

ئاسمان بەرگێکی ماتەمی پۆشیبوو هەورێکی سیای کپ‌و خامۆش هێدی هێدی باوەشی بۆ ئەکردەوە..

دەستگێرە چەقاوە سووەکانی سەر ڕێگاو خاوەن پرۆژەکانیش، وردە وردە ئەم ناوەیان خاڵی ئەکرد و دەرگای دوکانەکانیان دائەخست، بە هەرحاڵ بە دڵێکی پەست‌و بە دەم بیرکردنەوەیەکی نەپچڕاو گەیشتە نێو گۆڕەپانی پاسەکان.

پاش ساتێکی کەم خۆی لە بەر دەرگای پاسێکا بینی،

کوڕێکی گەنج ڕێگەی پێدا بە سەر پەیژەکەدا سەرکەوێ ئەو سەرکەوت‌و لە کورسی یەکەم دەستی چەپ ڕۆنیشت هەر لەو ساتەدا پیرەژنێکی کلۆڵی ماندوو بە نرکە نرك هاتە تەکیەوە..

تا دەهات ئاپۆرەی خەڵکەکە زیاتر ئەبوو، پاسەکە ملی ڕێگەی گرت‌و لە باوەشی گۆڕەپانەکە دەرچوو بەرەو شەقامی گشتی کەوتەڕێ..

لە بەر جەنجاڵی پاسەکەو کزی بینایی نەدەشیا بە تەواوی شوێنی مەبەست بەدی بکات.

دەستی بۆ گیرفانی چاکەتەکەی بردو لە باغەڵیا چاوێلکەکەی دەرهێناو لە چاوی کرد..

نیگای دیدە سەوزەکانی ئاراستەی دەرەوە کردبوو، بێدەنگی‌و خامۆشی شاباڵی بە سەر ئەم ناوەدا کێشابوو، وەك بڵێی خەڵکی نێو پاسەکەش لە تەکیەی دەروونی ئەودا وەك دەروێشێ بە دەست خەمەوە حاڵیان گرتبێ، سەراپا کپ‌و خامۆش‌و بێدەنگ خۆیان ئەنواند.

بە چاوێکی پڕ لە خەیاڵەوە دیدەی نمایشتی بڕیبووە سەرشۆستەی خیابانەکەی ئەودیوو کە پاسەکەی پێدا ئەڕۆیشت، کە گەیشتە بەردەم (هۆڵی گەل) وشەی (دابەزین) پەردەی خامۆشییەکەی دادڕی سەدای لە مۆخیدا زرینگایەوە، دڵە خەوتووەکەی ڕاچڵەکاند.. بینای سۆزو ئەندێشەی ڕووخا، پاسەکە لە شوێن خۆی وەستا دیمەنی هاوڕێکەی لەوبەری شەقامەکەوە لەو خەوە قووڵەی وەئاگا هێنا..

پاسەکە ملی ڕێگەی گرتەوە.. لە پڕ وێنەکە لە بەر چاویا نەما..

بە دەم بیرکردنەوەو گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو لەگەڵ چاوبڕینە یادگارەکانی دوا ڕۆژا بەشەکەتی بەرەو باوەشی خەمێکی تر هەنگاوی بڕی.. پەتی خەیاڵی پچڕا شیرازەی خەمەکانی لەگەڵ هەودای بیرەوەری خەمێکی تردا تێك ئاڵا..

ئەم دیمەنەو ئەم بیرەوەرییانە وەك خەنجەرێکی ژاراوی کول چەقیە زامی کۆنی دڵیەوە سەرپا بەدەنی هەژاند، ئەم دیمەنەی بەسەر شۆستەی شەقامەکەدا ڕابوورد، دیمەنی هەڤاڵێکی کۆنی بوو کە بە درێژایی تەمەن ژیانی خوێندنیان هەر لەگەڵ یەکدا بردبووە سەر، هەرچەندە هاوڕێ‌و خۆشەویستی یەك بوون، بەڵام تۆی ڕق‌و کینەو پێشبڕکێ لە بارەی وانەکان لە نێو دەروونیاندا چەکەرەی بەستبووە..!

گەر نمرەیەکی لەو بڵندتری بهێنایە، یان ئەو نمرەیەکی لەو بەرزتر بهێنایە، وایان ئەزانی هەموو خەمی دنیا بە سەریاندا دابارێوە..!

هەمیشە ئیرەیی‌و کینەو دووبەرەکی‌و پێشبڕکێ لە نێوانیاندا هەبوو، بە تایبەتی لە پۆلی شەشی ئامادەییدا کەچی لە ئەنجامدا بەخت‌و چارەنووسی ئەو پەیامی کۆلێژی (پزیشکی) پێ ڕاگەیاندو مژدەی سەوز بوونی گوڵی ئاواتی پێدا.. هەرچەندە ئەویش بە درێژایی ژیانی لە خەباتێکی بێوچان بوو لە مەیدانی خوێندن لە کۆلێژی (یاسا) کە تاکە ئاواتێکی بوو لە ژیاندا، بەڵام خەبات‌و ڕەنج‌و ماندووبوونی ئەو، مایەپووچ دەرچوو گەڵای داری هیوای بە ڕەشەبای ڕقی توڕەیی ڕۆژگار هەڵوەری!

لەو ساتە ناوەختەدا بیری لەو ڕۆژە تاڵە دەکردەوە کە چەند بە سانایی ئەم هەواڵە تازیەبارەیان پێ ڕاگەیاند.. ئاخ.. چ هەواڵێکی جەرگبڕبوو!

وای هەست ئەکرد ئیتر هەرچی ئاواتێکی لە ژیانا هەبوو لێی بێ بەری بوو، لەو کاتەدا بیری لە ڕەنج‌و ماندووبوون ئەکردەوە ئەم یادانە لە شانۆی بیریدا هەراسانیان کرد، بۆیە بێ پەروا ئاخێکی قووڵی، پڕ لە حەسرەت کە لە سەرچاوەی دڵە ئاگرینەکەیەوە هەڵقوڵابوو، پڕ بە سییەکانی هەڵکێشا..

بێ ئەوەی بیربکاتەوە لە کوێیە! جیهانی دەوروبەری خۆی بە جارێ لە یاد کرد، بۆیە چاوەکانی بارێك فرمێسکی بێ ئومێدییان تیادا قەتیس مابوو.. بە دەنگێکی نووساو‌و قورگێکی پڕ لە گریان‌و تۆڵەوە، وەك بڵێی دڵنەوازی خۆی بداتەوەو لە ناخەوە لەگەڵ خۆیدا ئەدوا، شێت شێت ئاسا لەبەر خۆیەوە ئەی وت (دەی، دەی، شەڕ لەگەڵ چارەنووسدا ناکرێ)!.

# حەوسەڵەی ڕێگا

نوسرەت ڕەحمانی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

کوبرا مەدەنی

هاوڕێ
تۆ لە شەوە تاریکەکان
لێم بپرسە
کە لە کوچەی عاشقاندا تا بەیانی
سەما دەکەم
***
بە درێژایی ڕێگای فراق
لەگەڵ گریانی بێهودەی هەنگاوەکانم‌و
حەوسەڵەی ڕێگای نا هەموار
لەگەڵ (با)دا
لە شارو دەشت‌و لە کێودا
وێڵ بووین بە دوای بۆنی تۆدا
***
کاتژمێری خۆم
لەگەڵ کاتژمێری بە جێماوی تاوەری شار
یەک خستووە
***
ئازیزەکەم
ئەگەر هات غەم پەنجەی خۆی خستە سەر دڵت
تاڵێک لە مووە سپیەکانم
وەک تاری عود بە سوتانەوە بژەنە
تاکو عەشق لەبەر دەرگادا ببینین

سەرچاوە
پیاله دور دیگر زد
نصرت رحمانی